لە نێوان ستایلی شیعریی وئەزموونی شیعرییدا.. سەدیق سەعید ڕواندزی

لە بارەی ئەزموونی سەباح هەنجدەرەوە

سەدیق سەعید ڕواندزی

هەموو شوناسێك و هەموو نەوەیەكی شیعری، بەرمەبنای قۆناغێكی دیاریكراوی ژیاری و ئەدەبی و كۆمەڵایەتی و شیعرییە، نەك مۆژوو بێگرافیای كەسی نەوەكە. بەو مانایەی ئەو شوناسە ئەدەبییە لە پەراوێزی ئەزموونە شیعرییەكەوە دەناسرێتەوە و مانایەكی شیعری دەگەیەنێت. بێگومان هیچ ئەزموونێكی شیعریش نییە، بەرمەبنای چركەساتێكی دیاریكراو بێت. ئەزموون لە هەر بوارێكەوە بێت، دەرەنجامی كەَلەكەبوونێكی زۆر و كاركردنێكی بەردەوامە لە پانتایی دەقدا. ئەزموونی شیعری، دەرەنجامی كاركردنێكی بەردەوامە لە نێو فەزای شیعردا، تاكو دواجار شاعیرێك ماكەكانی ئەو ئەزموونە بونیاد دەنێت. ئەگەر سەرنج لە ئەزموونی شیعری شاعیران بدەین، دەبینین هیچ كام لەم شاعیرانە، شوناسە شیعریەكانییان بەرهەمی زەمەنێكی دیاریكراو نییە، بەڵكو هەنگدانەوەی ئەزموون و قۆناغێكی درێژكراوەی شیعرییە. ئەزموونی شێركۆ بێكەس لە تریفەی هەڵبەستدا، وەك خاچ و مار نییە.

ئەزموونی گۆران لە سەرەتاكانی شیعریدا، وەك ئەو قۆناغە نییە كە چەند ساڵێك بەر لە مردنی شیعری تێدا نووسیوە. بۆیە هیچ نەوەیەك ناتوانێت لە چركەساتێكی دیاریكراودا، ئەزموونێك بخوێنێت ئەگەر ئەو پەیی توانا و داهێنانی خۆشی بخاتە گەڕ. چونكە ئەزموون، چەمكێكە خۆی لە خۆیدا پێناسە و شوناسی دیارە، كە بە مانای تاقیكردنەوە و كاركردنی بەردەوام دێت. ئەزموونی شیعری، بەشێكە لە كۆی ئەو هەگەزە هونەرییانەی بونیادی دەقی شیعری شاعیرێك لەسەر ئاستی زمان و دنیابینی و گوتارو فۆرمەوە پێكدێنێت. هیچ ئەزموونێكی شیعری جیاواز ناكەوێتەوە، ئەگەر بە كۆی بنەما هونەرییەكانەوە لە ئاستی ئەزموونێكی دیكەدا جیاواز نەكەوێتەوە. بە تەنها زمان و دنیابینی، ناوەڕۆك و گوتاری شیعری، ئاماژەیەك نین بۆ جیاواز كەوتنەوە، بەڵكو فۆرم و ستایلی نووسینی شیعریش،

بەشێکی سەرەکی جیاکردنەوەی دەقن، کە لە پەراوێزییەوە دەبنە خاسیەتێکی جیاکەرەوەی هونەری بێ ناسینەوەی شیعری شاعیرێك. بۆیە جیاواز کەوتنەوە و ئەزموونی جیاوازی شیعری، بەرەنجامی یەك هەگەزی شیعری نییە، بەڵکو کۆی هەگەزەکان بە سەر یەکەوە، دەلالەت لەو ئەزموونە دەکەن.
بە گشتی لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، هاونزیکییەکی زۆر لە سەر ئاستی فۆرم و دنیابینی شاعیران بەدی دەکرێت، تا ئەو ئاستەی ئەزموون و شوناسە شیعرییەکەیان، بە ئەندازەیەك هارمۆنی دەبێت، ناسینەوەیان ئەستەم دەبێت. تەنانەت زۆر جار وا هەست دەکەین شیعری شاعیرێکە بە تەنها. بۆ نموونە:
لە ئەزموونی سالم ونالیدا، هەندێك دەق و غەزەلی شیعری هەن، بە جۆرێك لە یەکتری دەچن، کە خوێنەر وا هەست دەکات، هەموویان شیعری شاعیرێکن، ئەمە لە شیعری کلاسیك و لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی کلاسیکدا باوە. دنیابینی شاعیرانی نیوەی دووەمی هەفتاکان، واتا قۆناغی دوای هەڵەسی شۆڕش، بە جۆرێك هاوشێوەیە، کە هەندێك جار بچووکترین هایەڵەی جیاواز کەوتنەوەی شیعری لە نێوانیاندا نەمێنێت. بۆیە ناتوانین لەو قۆناغەدا، بە دیاریکراوی شوناسێکی تایبەتی و ئەزموونێکی شیعری تایبەت ببینین و بیناسینەوە. هەنگە شاعیرانێك (بۆ نموونە وەك لەتیف هەمەت) بانگەشەی ئەوە بکەن، کە ئەوان ئەزموونی جیاوازی نیوەی دووەمی هەفتاکانی شیعرین، بەڵام کاتێ لە سەر دەقەکانی ئەو شاعیرە لەو قۆناغە ودواتریش دەوەستین، هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەین لەگەڵ گوتاری شیعری سەردەمەکەی خۆی بە گشتی. چونکە هەموو ئەزموونێکی نوێی شیعری، بێگومان لە بەر کەوتن دا ئەبێت لەگەڵ ئەزموونی باودا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، ئەزموونێکی شیعری نوێ نییە بە ناوی نوێ، ئەگەر زمان و فۆرم و دنیابینی نوێی شیعری بوونی نەبێت. چونکە ئەوەی دواجار ئەزموونە نوێیەکە بونیاد دەنێت ئەو هەگەزانەن. شیعر ناتوانێت جیاواز بکەوێتەوە، ئەگەر هەگەزە هونەرییەکانی جیاواز نەبن. بۆچی بە (گۆران) دەگوترێت داهێنەر و نوێکەرەوەی شیعری کوردی؟ چونکە زمان و فۆرمێکی جیاوازی لە ئەزموونی شیعری کلاسیك هێنا ئاراوە. بۆیە هیچ ئەزموونێکی جیاواز بوونی نییە، ئەگەر شاعیری جیاواز و دنیابینی جیاواز بوونی نەبێت.
بێگومان دەشێ شاعیرێك لە کۆی ئەزموونی شیعری خۆیدا، بە ستایلی جیاواز شیعر بنووسێت، بەڵام ئەوەی دواجار ناگۆڕێت، کۆی ئەزموونە شیعریەکەیە. چونکە ستایلی شیعری، بەشێکە لە کۆی ئەزموونە شیعرییەکە، ئەوەی شوناسی ناسینەوەی ئەو ئەزموونەش پێك دەهێنێت، لە ڕاستیدا کۆی ئەزموونەکەیە بە سەر یەکەوە، وەك

یەکەیەکی گرنگدراوی بابەتی و شیعری. لێرەوەش ئەزموونی شاعیرێك جیا دەکرێتەوە لە ئەزموونی شاعیرێکی دیکە. بە بڕوای من لە شیعری کوردیدا، ستایل و ئەزموون بە ئەندازەیەك هاوڕێنی بوون، کە جیاکردنەوەیان ئەستەمە. بۆیە کاتێ شاعیرێك بە ستایلێکی جیاواز دەنووسێت، ئەزموونە شیعرییەکەشی دەگۆڕدرێت. ئەم گۆڕانە لە گوتار و دنیابینی، گەلێك جار هەستێك لای خوێنەری دروست دەکات، کە وا بزانێت لە بەردەم ئەزموونێکی دیکەی شاعیر دایە. لێرەوە دەکرێ نموونەیەکی بەرجەستە بنینەوە. بە درێژایی ئەزموونی شێرکۆ بێکەس، لە ووبەری شیعری ئەو شاعیرەدا، وەکی نەتەوەییانە و بەرگریکارانە و شۆشگێڕیانە بوونی هەبووە، کە بەرگری لە شوناسی نەتەوە دەکات و مۆژووی نەتەوە لە شیعردا هەدەگرێت. گوتاری شیعری ئەم شاعیرە، گوتاری تراژیدیا و گوازرشتە لە وەکی زامداری نەتەوەیی، کە بەردەوام لەلایەن دوژمنەکانییەوە هەوڵی لە نێوبردن و سڕینەوەی دراوە.
بۆیە گەلێك جار بەم شاعیرە دەگوترێت، شاعیری نەتەوە و نیشتمان. ئەم گوتارە لە شیعری ئەم شاعیرەدا، ئامادەیەکی قووڵ و هەمیشەیی هەیە. بەڵام کاتێ هەردوو دەقی (کورسی و ئێستا کچێك نیشتمانە) دەخوێنینەوە، هەست دەکەین دنیابینی و ئەزموونی ئەم شاعیرە، تەواو جیاوازە لە ئەزموونی پێشووی. تەنانەت لە ئێستا کچێك نیشتمانە، وانگەی ئەم شاعیرە لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا بە نیشتمان، گۆڕانی بنەڕەتی بە سەردادێت.
هەرخودی ناونیشانی کۆمەڵە شیعرەکە، گوزارشتێکی بنچینەییە بۆ ئەو گۆڕانە. دەکرێ بڵێین لێرەدا لە بەردەم ئەزموونی شاعیرێك داین، کە لەگەڵ ستایلی شیعری، ئەزموونەکەش لە ئاستی دنیابینی و گوتاردا، تا ڕادەی جیاواز کەوتنەوەیەکی زۆر دەگۆڕێت. واتا لەگەڵ ستایلە شیعرییە نوێیەکە، ئەزموونە شیعرییەکەش دەگۆڕێت، وەك ئەوەی لە بەردەم دوو ئەزموون و دوو دنیابینی جیاوازی شیعری دابین. بەڵام ئەمە لە ئەزموونی شیعری سەباح ڕەنجدەردا، وەك ئەزموونێکی تایبەتی و جیاواز لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی تر بە گشتی جیاوازە. لە شیعری ئەم شاعیرەدا، ستایل دەگۆڕێت، بەڵام ئەزموونە شیعرییەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
تا ئەو ڕادەیەی کە خوێنەر بەریدەکەوێت (بە تایبەتی ئەوانەی کۆنتاکییان لەگەڵ شیعری ئەو شاعیرە هەیە) دەزانێت ئەمە ئەزموونی ڕەنجدەرە وەك شاعیرێك. هەرسێ دەقی (گۆڕان بۆ ناونیشانی جەنگەکان) و(خاڵبەندی) و(دەستنووسێکی تازە دۆزراوی بابەتاهیری هەمەدانی) ، سێ دەقی تازەی ئەو شاعیرەن، کە ستایلێکی جیاوازە لە ئەزموونی شیعری ئەودا. بە تایبەتیش دەقی خاڵبەندی، کە ئەوەندەی

ئاگاییم لە بارەی مێژووی شیعری کوردییەوە هەبێت، یەکەم شیعرە لە بارەی خانەبەندییەوە دەنووسرێت. کە تیایدا شاعیر، خانەبەندی وەک سایەکی زمانەوانی و زەمانی، دەکاتە تیمەیەکی شیعریی.
بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوە بگوترێت، خانەبەندی لە پاڵ مانای زمانەوانی خۆی، هەندێکی دیکەی واتاییشی هەیە، کە بەشێکە لە مانای شیعری. بەو دەربڕینەی کاتێ شاعیر باسی (یەک خاڵ و دووخاڵ و سێ خاڵ) دەکات، ئەمانە هەر تەنها ئاماژەیەک نین بۆ ناسینەوەی سای زەمانی، بەڵکو دەلالەتی دیکەشیان هەیە.

یەک خاڵ ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە وشە هەیە لە زمانی کوردیدا، یەک خاڵی هەیە. وەک:(...../ .....) (...../ .....) (...../.....) ....:(شیرین/تاڵ) (گریان/ پێکەنین) وشەش هەیە سێ خاڵی هەیە وەک:_(دژوار، قاڵا، تێپ، شەو) بێگومان نموونەی دیکەی لەو شێوەیەش زۆرن. ئەگەر سەرنج لەم وشانە بدەین، دەبینین لە پاڵ ئەوەی خاڵ نیشانەیەکە بۆ ناسینەوە و لێک جیاکردنەوەی وشەکان لە ووی زەمانییەوە، هاوکات ئاماژەیەکیشە بۆ گۆڕینی واتای بنەڕەتی وشە، بە ئاراستەی مانای جیاواز. بەو دەربڕینەی یەک خاڵ دەتوانێت، کێی واتای وشەیەک بگۆڕێت و بە گۆڕینی واتاش مانا دەگۆڕێت. لە شیعری دەستنووسێکی تازە دۆزارەوەی بابەتاهیردا، کە لە شێوەی چوارینە نووسراوە، تێپگرافیای دەق لە شێوەیەکی ستوونییەوە دەبێتە ئاسێیی. واتا ئەم شیعرە پێچەوانەی شیعرەکانی دیکەی ڕەنجدەر، ووبەری دەق ئاسێیی و بە ئاراستەی هاو سەروا و هاوسەنگی وشەیە.
ئەم شیعرە، ئەگەرچی هاوشێوەی دەقێکی چوارینەیە، بەڵام کاتێ بە وردی سەرنج لە دەقەکە دەدەین، دەبینین گوتاری شیعرەکە بە ئاراستەی شیعری ئازادە، نەک فۆمی جێگیری چوارینە وەک ئەوەی لە شیعری کلاسیکدا دەبینرێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، لە ئاستی زمان، وشە و دەربڕین، هەمان زمان و گوتاری ئەو ئەزموونەیە کە شیعری ڕەنجدەری پێ دەناسرێتەوە. ئەم سێ ستایلە جیاوازە لە شیعردا، لە فۆمێکی جێگیردا یەکدەگرنەوە. بە بڕوای من، لەهەشتاکانەوە تاکو ئێستا، ئەزموونی هیچ شاعیرێک وەک ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر، لە ڕووگەی فۆم و زمانی شیعرییەوە ناناسرێتەوە. بگرە کاتێ کەسانێک هەوڵی نووسین بەو فۆم و گوتارە دەدەن وەک (ژیار ئەسوەد و سروشت نەوزاد) ، ئیدی خوێنەر بە ئاسانی کاریگەریەتی ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر، بە سەر ئەزموونی شیعری ئەوانیتر دەناسێتەوە. بەڵام لێرەدا، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، هیچ دەقێک نابێتە دەقێکی جیاواز و تازە، ئەگەر سنوورەکانی

کاریگەریەتی و هەناسەی شیعری شاعیرێك تێ نەپەڕنێت. لاسایکردنەوەی ئەزموونی شیعری، هەر تەنها ئەوە نییە کت و مت وشە و دەربڕین و پەیکەرافی شیعری کۆپی بکەیتەوە.

بەڵکو نووسین بەو فۆرم وستایلەش، بە هەمان دنیابینی، جۆرێکە لەلاسایکردنەوە و کاریگەریەتی. بە تایبەتی کاتێ شاعیرێك شوناسێکی جیاواز و تایبەتی بە ئەزموونی شیعری خۆی دەدات، ئیدی ناسینەوەی ئەو شوناسە لە نێو شوناسی باوی شیعردا، پرسەیەکی ئاسانە. لێرەوەش بۆ من وەك خوێنەرێك، زۆر بە ئاسانی شوناسی شیعری سەباح هەنجدەر و هەموو ئەو دەنگە نوێیانەش دەناسمەوە، کە لاسایی ئەو شاعیرە دەکەنەوە، یاخود هەوڵدەدەن وەك ئەو بنووسن. چونکە وەك ئاماژەمان پێکرد، زمان و دنیابینی و فۆرمی شیعری سەباح هەنجدەر، تایبەت و جیاوازە. ناسینەوەی ستایلی شیعری، دەکرێ بچیونێنین بە ناسینەوەی گۆرانی لە ڕۆگەی دەنگەوە. بۆ نموونە: دەنگی (سەید عەلی ئەسغەری) لە مژووی هونەری کوردیدا تایبەتە. لە هەر شوێنێك گوێبیستی ئەو دەنگە بین، دەزانین ئەوە دەنگی ئەسغەرییە. تەنانەت ئێستا یەکێك لە نەوەکانی دەنگێکی هەیە، نزیك لە دەنگی ئەو. کاتێ حەسەن حەیران، حەیران دەڵێت، ناسینەوەی دەنگی ئەم حەیران بژێرە، لە نێو سەدان حەیران بژێی دیکەدا، ئاسانە. ئەم پەیوەندی بە ستایلی تایبەتی خودی هونەرمەندەکەوە هەیە. کاتێ شاعیرێکیش شوناسێکی تایبەتی شیعری وەردەگرێت، ئیدی ستایلەکانی نووسین گەر جیاوازیش بن، دواجار لەو کۆنسێپتەدا یەك دەگرنەوە، کە شوناس و ئەزموونەکەیە. بۆیە ئەم سێ دەقەی سەباح هەنجدەر، ئەگەرچی بە سێ ستایلی جیاوازی شیعرییەوە نووسراون، بەڵام دواجار، یەك گوتار، یەك شوناس و دنیابینییان هەیە، ئەویش شوناسی شیعری ئەزموونی سەباح هەنجدەر خۆیەتی.

• ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕۆگای کوردستان، ژمارە(1240) ی ڕۆژی 6/ 4/ 2021 بڵاوکراوەتەوە.

خوێندنەوەیەکی هاوبەشیانە بە هەمانی مرۆڤی هەرزان.. گەران سەباح

بەرکو
ئەم یەکەم باسە لە زنجیرە باسێک بە خوێندنەوەی هەمانی مرۆڤی هەرزان بەپێی تەوانین و هامانی بیرمەندانی خەمالی. هیوادارم ئەم زنجیرە باسە ببێتە پایەی یەکەم و هەنگاوزانی ئەدەبی بتوانن پایەکانی تری بنیات بنێن.

بۆ ئەم نووسینە؟
ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ چوار مەبەست: یەک، پێکردنەوەی کەلێنێک لە هەخنەی ئەدەبی کوردی. دوو، شکاندنی ئەو پرسە باوەی گۆیا نووسەر ناتوانێت لەسەر هەمانکەی بنووسێت. سێ، ببێتە هەنگاوی یەکەم، هەخنەگرزان بۆن دەوڵەمەندتری بکەن. هیوادارم دەیان هەخنەگرز دروست بن و سوود لەم نووسینە وەرگرن. چوار، کاتی ئەو هاتووە هزری خەمالی بهێنند وەرگرین. کوردی خەخەر هەموو شتێکی خێ هەت دێکاتەوە: کرێکار، مامۆستا، دکتۆر، ئەندازیار، دەروونناس، بیرمەند، نووسەر، فەیلەسوف، دیزاینەر، سەرتاش، دارتاش، خەیات و هتد. بە نموونە، بۆ ئەوەپییەک ئەو هەمانیلەی کاراون کاکەسووری نووسیبا، یان ئەوانەی میران ئەبەام ئەمریکییەک نووسیبای، خانەیلی چاپی کوردی وەریاندگەان و زۆر زۆتر هەزیان لێدەنان. بۆ؟ کاروان و میران و ئەوانی تریش چییان کەمترە لە نووسەرانی دنیا؟

هەمانی مرۆڤی هەرزان کەمەێک بابەتی وروژاندووە (فەلسەفە، ئایین، دەروونناسی، زانست، تەکنەلۆژیا، خود و هتد)، بۆیە خوێندنەوەی جیاجیا هەێدەگرێت. خوێندنەوەی هەمانکە لە هەوانگەی فەلسەفەی خەمالی پێ بایەخە، لەبەر ئەم هۆیانە: یەک، ددانپێدانان و جۆگیرکردنی هزری فەلسەفیی خەماڵییە. دەستپێکی بهێندوەرگرتن و خوێندنەوەی بیرمەندانی خەمانە. دوو، دروستکردنی دۆق لە دۆق. چەند جوانە لە دۆقێکی فەلسەفی و دۆقێکی ئەدەبی (واوەتریش، لەم کێسەدا، دۆقێکی خەیالی زانستی) بێین دۆقێکی تر بەرهەم بهێنین. ئیشکردن لەسەر هزری فەلسەفیی خەمالی و مارکردنی لە ئەدەبی خەمالی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی تیۆری فەلسەفی و ئەدەبی. بۆ

نموونە، ڕۆبوار چەمکی (دانایینناسی سروشت)ی داهێناوە، دەکرێ بە ئیشکردن لەسەر ئەم چەمکە تیۆری تر لەدایک بن، دەکرێ ببێت بە تیۆرێکی ڕۆخنەیی بۆ شرۆڤە و ڕانانی دەقی ئەدەبی. سێ، دەکرێ ئەم هەوڵە ببێتە سەرەتای کولتووری چاوپێهەڵێنەرهاتن و کێبڕکێبازی لە نێو بازنەی فیکریی و ئەدەبیی کوردی. من ڕۆبوار سیوەیلی و مەسعود محمد و کاروان کاکەسوور ناگەمەوە بە فۆید و کانت و هایدگەر و نیچە و کە و کە. تا کەی ئەمە خەمان بە کەم بزانین و هەر چاومان لە بیرەندانی ئەوروپا بێت کە خەیان فریای خەیان نەکەوتن؟ هزری فەلسەفی و ئەدەبی و هونەری و تەکنەلۆژی و سیاسیی دوو سێت ساڵەی بیرەندانی ئەوروپا دوو جەنگی جیهانی لەکەوتوە و بە دەیان ملیۆن مرۆڤیان بە کوشت دا. ئێتر بەسە ئەو خەخەری و خەشکاندنەوەیە. بۆیە من دەم لەڕەوە بە تەورێکی تیژ پەتی ئەستووری کولتووری چاوپێهەڵێنەرهاتن و کێبڕکێبازی و یەکترشکاندنەوە قووت دەکەم. بۆیە، کاتێتی خوێندنەوەی خەماڵێمان هەبێت بە دەقی ئەدەبیی خەماڵی.

کتێبی ستایشکان و مرۆڤی هەرزان

ڕۆبوار سیوەیلی کەمێک کتێبی فەلسەفی هەیە. من (کتێبی ستایشکان)م هەبژاردووە بە ڕانانی مرۆڤی هەرزان. کتێبەکە تێڕامانێکی خەمانێیە لەمە چەمکێیلی وەک دایک، سروشت، گەردوون، ئاسمان، خود، ئەوانی تر، دەوروبەر، نیشتمان، زامداران، تەکشکان، بەردەوامی و بوونگەیلی هزری و فەلسەفی و کەمەایەتی و دەروونیێ لەسەر ئەو بابەتانەی کە تا ئێستە کورد ڕوانین و دیدگەی بۆیان کاڵ بووە. هەبێت جەکردنەوەی ئەم چەمکانە و باسکردنیان و جێبەجەکردنیان لەسەر دەقکی ئەدەبی ئێستەمە و زەری دەوە. هەوەم داوە لەڕە، لەباتی نووسینەکی درێژ و بەتام، بە پوختی ئەم چەمکانە لە ڕەمانی مرۆڤی هەرزاندا ببینمەوە و بە پێی تێڕوانینی ڕۆبوار باسیان لەوە بکەم.

دایک لای ڕۆبوار و ڕەمانی مرۆڤی هەرزان

ڕۆبوار (٢٠٢٠) لە لاپەڕە ١٣ی کتێبەکەدا دەڵێ، "... دایک، شوناسی (پەروەردەکار) و (ڕاگر) و (کەسکەی ماڵ) و (ئاوەدانکەرەوە) و (هوونا‌کی ماڵ)ی لەدەسنرێتەوە و هەواش هەواش لەگەڵ تەسلیمبوونی جەستەی ئەودا بە پیری، وەک مرۆڤکی (بەدەسەات)، (زیایە) و پەراوێزخراو تەماشای دەکرێ و لەڕشەوە، ڕەحیشی دەبێتە قوربانی". بیرەند باسی پەگێ و بەهای دایک دەکات لە کەمەگەی مشخێر بەسەر بەرهەمێیلی مەدەرنیتە. لە ڕەمانی مرۆڤی هەرزاندا، دەبینین هەشتا ساڵی تر، دایک هەمان پەگەی هەیە لە کەمەگەی مەدەرن و بەرهەمهێن.

بە نموونە، لە ڕۆمانی مرۆڤی هەرزاندا، سامی سەڵ (سەرۆکی دەستەی زانیانی دنیا) لە ئەمریکا دایکی خۆی فەوتاد، دەیبات لەبەردەمی خەونەکانی پیران جێی دەهێڵێت. دوای سێ ساڵ، لەوە، لەسەرمان و برسان ڕەق دەبێتەوە. کەواتە، (دایک) لە کۆمەڵگەی بەرهەمهێن و مشەخۆردا، نەک ئەستێ، لە ئایندەش، بەهاکانی لە دەستنرێتەوە.

"بە بیرەوەرییەکانی ئەو، وەناکردنی کەسایەتی و پێکهاتەی گشتیی شوناسمان بەمانایە"، (ڕۆبوار، ٢٠٢٠، لا١٦). دابڕان لە بیرەوەرییەکانی دایک، مرۆڤ ون و نامۆ و بێ ئومێد دەکات. لە مرۆڤی هەرزاندا، مێتاڵ، کچی سامی سەڵ، ماوەیەکی زۆر لە دایکی و بیرەوەرییەکانی دایکی دادەبڕێت، تا وای لێ دێت هەست بە بەمانایی ژیانی دەکات و هەوڵی خۆکوشتن دەدات. باوکیشی، سامی، دوای فەوتانی دایکی، حاڵی بەرەو خراپی دەچێت و مێتاڵ و خۆیشی لەدەست دەدات.

ڕۆبوار (٢٠٢٠) لە لاپەڕە ١٧دا پرسیارێکی جەوهەری زەق دەکاتەوە، "...داهاتووی دایک... بۆ کوێ دەچێ؟" پرسیارەکە ئاوێتە: دەکرێ دەقێکی ئەدەبی وەڵامی پرسیارگەلی فەلسەفی بداتەوە؟ بۆ نا. ڕۆمانی مرۆڤی هەرزان وەڵامی پرسیارەکەی ڕۆبوار دەداتەوە چونکە دەقەکە باسی ساڵی ٢١٠٠ دەکات، واتە ڕۆمانووس پێشبینی ئاوێی کردووە هێشتا ساڵی تر مرۆڤ چی بەسەر دێت. یەک لەو دیاردانەی هەر دەمێنێتەوە و مرۆڤ تێناپەڕێنێت دیاردەی بەزاربوونە لە مرۆڤی پیر. سامی سەڵ وەڵامی پرسیارکەرانی نەو ڕۆمانەکە دەداتەوە بەچی دایکی فەو داوە. کەواتە بەهای دایک لە ئێستە و ئایندەش هەر لە داکشاندایە.

سروشت

". . . لەو شوێنەی مرۆڤی لێبڕێت، سروشت بە ئاسانی دەستدرێژی دەکرێتە سەر". (ڕۆبوار، ٢٠٢٠، لا١٩). جوانییەکە لەوەدایە من و ڕۆبوار، بە ئاوەی ئاگامان لێک بڕێت، دوور لە یەکتر، باسی (سروشت)مان کردووە کە چۆن بە دەستی مرۆڤەوە دەناڕێنێت. لەوەش جوانتر ئاوەیە ئەو بە دیدەکی فەلسەفی و منیش بە دیدەکی ئەدەبی. لە هەر بەشێکی مرۆڤی هەرزاندا دەبینی مرۆڤ چۆن سروشت وێران دەکات: دارستان تێک دەدات و بینای لەسەر دروست دەکات (ڕێک ئاوەی ڕۆبوار دەڵێت لە لاپەڕە ٢٢ کەوا "چەندە ئاوەدانکردنەوەی کولتوری دەبینرێ، ئاوەندەش زیاتر وێرانکردنی سروشت...")، بەهەی پیسبوونی دەریاکان، ماسی نەماوە لە ٢١٠٠، سەر زەوی کەمکی ژیانی تێدا نەماوە، هەندە پیس و ژەهراوییە، هتد. ڕۆبوار دەڵێ مرۆڤ ئاگای لە سروشت نەماوە و بە تەنیا دەژی. لە ڕۆمانەکەدا، سامی دەڵێ، "دەبە مرۆڤ بگۆڕێتەوە بە دایکە-سروشت . . . مرۆڤ دابڕاوە لە سروشت،

ژەهراوی بووە بۆ ئەی ئای (تەکنەلۆژیا)،" (لا٢٥)، بەڵام مرۆڤ گوێ ناگرێ و بۆ ملیۆنان خۆیان دەکوژن.

لە لاپەڕە ٢١دا، ڕەبوار، زاراوەی (دانایینناسیی سروشتی) بەکار دەبات. ئای چەند جوان و پڕ لە حیکمەتە. باوباپیرانمان دانا بوونە لە سروشت، ئەزموونیان لەگەڵ سروشت هەبووە بۆیە ژیانیشیان سادەتر و خۆشتر بووە. دانایینناسی سروشتی واتە چەندە لە سروشت تێبگەی و نزیک بیت هەندە مرۆڤی. بەڵێ ڕەمانی مرۆڤی هەرزان، خۆک لە هەشتا ساڵی دابێ هیچ دانایێکی بە سروشت نامۆنەت، هەمووی وەک ڕەبەت ڕەژانە ١٤ سەعات کار دەکەن، ئەنجامی ئەوەش، وەک ڕەبوار لە کتێبەکەدا باسی کردووە، مرۆڤ "تووڕە و هەراسان و نامۆ" دەکات.
ڕەبوار (دانایینناسیی سروشت) بە شوناسی مرۆڤ دەبەستێتەوە، ئەوەی لە سروشت تێبگات، شوناسێکی گەردوونی هەیە. هەروەها بە خەباتی سیاسیش دەیبەستێتەوە، "خەباتکردن بۆ سروشت، جەگرەوەی خەباتکردنە لە پەناوی بەها سیاسییەکان..." پێی وایە ستەم لە سروشت هیچی کەمتر نییە لە ستەمکردن لە نەتەوەکان، هیچی کەمتر نییە لە نادادوەری. لە فەزای ڕەمانی مرۆڤی هەرزاندا، شوناسی مرۆڤ شوناسێکی گەردوونییە، بەڵام ئەوپەڕی ستەم لە سروشت دەکات، بۆیە شوناسە گەردوونییەکەی نایەتە فریای. شوناسەکە کورت دەهێنێت لە بەرانبەر ئەو زاراوانەی ڕەبوار باسی کردوون، وەک ژینگەپارێزی، زێنی پاکی هەوا و هتد. مرۆڤی نەو مرۆڤی هەرزان گومڕا بووە، وەک ڕەبوار باسی دەکا (غروور) بووە، تووڕەیی و بێزار و بەهێز چونکە ڕەزی سروشت ناگرێت. سامی لە مرۆڤی هەرزاندا دەڕێت مرۆڤ سروشتی کوشتووە، تا دەڵێی سروشت دەوەستێتەوە.

ئاسمان

ئاسمان لە ڕەمانی مرۆڤی هەرزاندا چەق و سەرچاوەیە، هەم وەک شوێن هەم وەک فەزای خۆیان و زانست. داهاتووی مرۆڤ لە ئاسمانە. زانست، ئایین، فەلسەفە و تەکنەلۆژیا، بە هەمۆیان، ئاسمان بایەخدار و سەرچاوەیە. (زەوی بەند)، کە کەشتیێکی زەبەلاحە لە ئاسمان، پێگە و مەبەندی تێزینەوە و تاقیکردنەوە زانستییەکانە. هەر لەوەش شووشە، پاڕاوانی ڕەمانەکە، بیرکە زانستییەکەی تاقی دەکاتەوە بە چاوسەرکردنی خەکوشتن.
ڕەبوار لە لاپەڕە ٤٣دا دەڵێ ئاسمان گرنگە بۆ مرۆڤ، "میللەتان و پێغەمبەران زۆریان تەماشای ئاسمان کردووە و ویستوویانە چارەنووسی خۆیان و بۆڕی مرۆڤایەتی لە پەیوەندیی بە نیشانەکانی ئاسمانەوە، تێبگەن." ڕەمانی مرۆڤی هەرزانیش وا دەڕوانێتە ئاسمان. پێگەی

ئاسمان لە هەمانکە سەتا هەشتایە، هەوێنی زەربەی ووداوەکانە.

هەبوار، کاتێ منداڵ بووە، ئاسمانی کەشف کردووە لەسەر دەستی دەبابی ئەو دەمەی دەستیان بەرز کردووەتەوە بە ئاسمان، وەک موسەمانێک، نزا و تکا و ستایشیان ئاراستە کردووە (هەبوار، ٢٠٢٠، لا٤٤). شووشە و ئیمام، دوو موسلمانی نەو هەمانکە، زەرجار دەستیان بەرز دەکەنەوە بە ئاسمان، داوای لەخشبوون و هاوکاری دەکەن. ئەمش دەبێتە مایەی سەرنجراکێشانی ئەو زانایانەی لەگەیاندا کار دەکەن. بە سەرنجراکێش؟ وەک هەبوار لە لاپەڕە ٤٩دا دەڵێ ئاسان نییە قەناعەت بە مرۆڤێک بکەی لە ئاسمان وردبێتەوە لە کاتێکدا لە دنیای سکریندا ون بووە، "ئاسان نییە ئەو نیگا ئاسەییەی (مرۆڤ) بگەینەوە بە ئاستە ستوونییەکەی خەی." هەبوار ستایشی ئاسمان دەکات چونکە مرۆڤ لەی هانامەنێت، لەی وردنابێتەوە، لە بیری کردووە (لاپەڕە ٥١، ٥٠)، پێی وایە ئاسمان هەوێنی سەرسوڕمان و داهێنانە، هەمانی مرۆڤی هەرزان هەمان ئەو پەیامەیە، هەبەت یەکێک لە پەیامەکانی هەمانکە ستایشکردنی ئاسمانە.

قسەکردن

هەبوار لە ستایشی قسەکردندا دەپژێتە سەر زمان، دەڵێ، "جیهان و دەوروبەر لە زماندا هەن و نیشانە زمانییەکانن، مانا و ناوەڕۆک و بوون بە شتەکان دەبەخشن". هەمانی مرۆڤی هەرزان زەر گرنگی بە زمان داوە. هەم ئەو زمانەی پێی نووسراوە، هەم ئەو زمانەی (کانگەیەکان) قسەی پێ دەکەن. وەک هەبوار دەڵێ (لاپەڕە ٥٤، ٥٥)، زمان مەزنترین دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر جیهان و دەوروبەرەوە. هەمانی مرۆڤی هەرزان ئەو دەسەڵاتەی بەکار بردووە، هەر لەبەر ئەو ستایشی زمان و قسەکردنیە هەماننووس حەبەکی داهێناوە، حەبی فەربوونی زمان. لە جیهانی هەمانکەدا مرۆڤ بە هەر زمانێک بیەوێت قسە بکات، بە نموونە فەڕەنسی، حەبی زمانی فەڕەنسی دەخوات و فەڕەنسی قسە دەکات. هەمانکە گرنگییەکی کەمونەی بە قسەکردن و زمان داوە، هەم لە نەوان مرۆڤ و مرۆڤ، هەم لە نەوان مرۆڤ و دەوروبەر و مەخلوقاتی نادیار. لە هەگەی ئەم حەبەوە کارەکتەرانی نەو هەمانکە ئازادییان زیاتر و فراوانترە، وەک هەبوار دەڵێ، "قسەکردن نیوەی ئازادییە،" (لا ٥٧).

خود

ئەوانەی لە هەمانی مرۆڤی هەرزاندا خەیان دەکوژن ئەوانەن لە خودی خەیاندا دابەاون و هەرچی دەکەن ناگەنەوە بە خودی خەیان. هەمانکە دابەانی خود و دووركەوتنەوەی مرۆڤ لە چەقی خودی خەی دەگەنتەوە

بە وەبوون بە دوای ئارەزووەیلی نزم، بەیش خودە ونەکان بە کەمە خەیان دەکوژن. لە ئاسمان بە پاەوانی ەمانەکە دەن مرەف دەبە بگەتەوە نەو خودی خەی، وەک ەبوار دەە، "… مەرجی بوونە خود ەزگاربوونە لە گروپ و دەست و تاقم،" (لا ٦٥).
مرەف بە لەدەستدانی خودی خەی دەچەتە خانەی دەان. ئەمە یەک لە تەماکانی ەمانەکەیە. ەام، پەشەنگی تەکنەلەژیا لە ەمانەکە، بەرنامەی (قەلسەکسی داهێناوە) کە کەپی خودی مرەف دەکات، ئەمەش مرەف لە خودی ەاستەقینەی خەی دوور دەخاتەوە. کەواتە تەکنەلەژیا، نەک کارەساتی تر دوست دەکات، خودی مرەقیش دەکوژێت. ەبوار پەی وایە ئەوانەی تووشی ەوداوەک دەبن، سەقەت دەبن، یان دەکەونە دەخی کەما، خودی خەیان لەدەست نەداوە. شووشە، پاەوانی ەمانەکە، هەرچەندە دەباب و براکەی لەدەست داوە، هەرچەندە دەموچاوی سەقەت دەبە بەهەی نەخەشیەیەک، خودی خەی لەدەست نادات، بەیە (کتەبی ستایشەکان) و (مرەقی هەرزان) دەەن هیچ کەماسیەیەک لە خودی کەمئەندامەک یان سەقەتکدا نیە، چونکە خود، وەک ەبوار دەە، لەودیو هەموو ئینتیمایەکە، نە بایەلەژیە نە پانتایی جەستەیی و مەژووییە، "خود ئازاد و سەربەخەیە لە هەموو میراتەک،" (ەبوار، ٢٠٢٠، لا ٦٦).

ەبوار دەە، "… ناکرە خود بە بەرهەمەکی کەمەیاتی ەووت دابنەین، چونکە کاتە کەمەگە خود لە خەسلەتە تایبەتی و دانسقە و بەنموونەکانی بەبەش دەکات، لە خەسەتەکانی گرووپدا دەیتونەتەوە، بەرهەمی ئەم ەوەندیە نابەتە بەرهەمهێنانەوەی خود، بەکو دەبەتە ەتکردنەوەی خود و بەپەراوێزخستنی و دروستکردنی دەروونەکی بەخەدا ەچووی نائارام،" (لا ٦٧). هەموو ەژئاوا لەک بەدیتەوە لەوە جوانتریان نەگوتوە لەمە خود. یەک لە تەماکانی ەمانەکە هەز و ویستی خودە. خودی خاوەن ویستەکی بەهەز دەتوانێت لە گرووپی خەکوژاندا بەتە دەرەوە. "مرەف بە بەدەستهێنانی ئەو هەزە دەبە کەنتەەی خود بکات،" (١٦٩-١٧٠، مرەقی هەرزان).
ەنگە پەمان وابێت دوای هەشتا ساەی تر خودی نەرسالار نەمێنێت، بەەام سەیر دەکەین سامی و ئیمام و بەرنی سە خودی نەرن و خەیان بەسەر خودی منداە، گەنج و مەیندا دەسپێنن. ەبوار هەمان شت دەێت لەسەر کەمەگەی خەمان. بەس ئەو نەرسالارییە هەر لە کەمەگەی خەماندا نییە، بگرە لە هەموو دنیادا هەیە، تەنە ەژەکە جیاوازە. لە ەمانەکەدا، وەای نەرسالاری، هەزی مەینە لەوپەیدایە، بە نموونە، شووشە قەناعێت بە هەموو سەرەک و زانایانی دنیا دەکات کە بیرەکەکەی ئەو لە هیی ئەوان باشترە. دواتر هەموو دنیا چاوی لە

دەستی ئەو دەبێت. بەیەکگەیشتنی ئەم دوانەکە شکاندنی ئەو هەوڵانەی کە مرۆڤ بۆ ئافرەت هیچی پێ ناکرێت، سنووری ئەو ئەرکانەیە کە بۆ ئافرەت.

یەکێک لە تەماکانی ئەمانەکە بڕوادانە بە پەیوەندیی خود و خودا نێک ئایین و خود. وێک ئەبوار دەڵێ ئایین پێی لە "نەریت و ئیتوال و دووبارەکردنەوەی سروودی ئەشکایانە،" (لا ٧٠). ئەم نەریت و سروت و ئیتوالانەیش هەوێنی دەمامکانن کە لە پشت ئایینەوە مرۆڤ هەڵدەدەرن. ئەم دەڵێ، "لەوانە بترسە دەماکی ئایینی دەبەستن،" (لا١٣٢ ، مرۆڤی هەرزان).
"... خودخێی نادات بەدەست ئەوەندی دەروونشیکارییەوە. بەیەکگەیشتنی زانستیانەش لەسەر خود، تێگەیشتنی کورتکەرەوەی سنووردار و پەیوستە لەودیو زانستیشەوە، بایەخ بە خود بدەین." (ئەبوار، ٢٠٢٠، لا ٧٣). "سەخاڵ پەیوستن بە سەربەخێیی گۆشەی ئەحی. یەک، ئازادیی خود، خود کەنتڕۆڵ بکرێت داهێنانیش نامێنێت. دوو، خود بتوانێت خێی دەربڕێت. سێ، کولتوری لەبوردەیی خود دەوەمەندتر دەکات و وای لە دەکات لە چەمکەیلی هاوبەشیەتی، هاووڵاتی، یەکسانی، دادوەری و پێکەوەژیان و مافی جیاواز بگات," (لا٧٤). لە ئەمانی مرۆڤی هەرزاندا دەبینین، ئەم خاڵانە لە مرۆڤدا نین بەیەکەحی مرۆڤ پووکاوەتەوە. ئاستە زانست لەوپەڕی پشکۆوتندایە، بەڵام تاک کەنتڕۆڵ کراوە، خود لە گۆ کەووە و کولتوری لەبوردەییش کاڵ بووەتەوە. بەیەکپش ئەوەی ئەوانی تر قەبوڵ بکەین، دەبێ خودی خەمان قەبوڵ بێت، پش ئەوەی ددان بەوانی تردا بنێین، دەبێ ددان بە خودی خەماندا بنێین. مرۆڤ لە جیهانی مرۆڤی هەرزاندا خودی خێی لە بنەڕەتا و کەتایی بخێی دەنێت.

ئەوی تر

ئەبوار دەڵێ ژیانی ئەو بە بێ ژیانی ئەوی تر ژیانکی هەژارانەیە، و "ناعەدالەتییەی" ئەوانی تر بچووک بکەینەوە. سەتان تەژینەوە و کتێب هەن لەسەر چەمکی (ئەوی تر، the other)، دەبوایە کورد پشەنگ بێت لە قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە چونکە ئەمە هەردەم (ئەوی تر) بووینە و غەدرمان لە کراوە و بە کەم سەیر کراوین. بەیەکەم (کتێبی ستایشکان) کارکی بایخدارە، بەهەیەوە کورد دەبێتە خاوەنی قسەی خێی لەسەر هەر یەک لەو چەمکانە. ئەمانی مرۆڤی هەرزان، وەک دەقکی ئەدەبی، پاتی ئەو تەامانانای ئەبوار دەکاتەوە. بانک، کارکتەرکە، کی لە مرۆڤ دەبێتەوە، پی وایە ئەوانی تر هەمووی بە مردن باشن. پێی وایە ئەوی خزمەتی

بەرژەوەندیی ئەو نەکات، دەبێ بمرێت، یان خۆی بکوژێت.
هەمانکە پەمان دەدا ئەوەی ئەوی تری قبوڵ نەبێت بە هیلاک دەچێت. بانک پارێزکی زۆر سەرف دەکات لە هاندانی ئەوانی تر تا خۆیان بکوژن، بەڵام سەری خۆی لەسەر دادەنێت. بانک ناتوانێت واز لە خۆپەرستییەکەی بهێنێت، بۆیە دەفەوتێت. وەک هەبوار دەڵێ، "ئەویتر بەهرێکە، دەوەستەندییەکە، جوانی و شکۆیەکە، لەبەردەم ئەمەدا، تا بتوانین بەهێزەوە بەسەر سنووردکانی خۆپەرستی خەماندا بپەڕینەوە و ئەو بەرگە تووە هەبدەین، کە دەبێتە سنووردکی جیاکارە لە نێوان "ئەمە" و "ئەو"دا، (لا ٧٩).

زامداران

شووشە زامدارە. دەباب و براکەی خۆیان دەکوژن. دەموچاوی سەقەت دەبێت بەهۆی نەخۆشییەک، ئەمەش بریندکی بەسوێیە بە کچدکی گەنجی شازدە ساڵ. شووشە لە هەمووان زیاتر پێویستی بە هاوکارییە. هەبوار دەڵێ، "چۆن ئەو کەسانەی لە ڕووی جەستەییەوە ئەندامدکی خۆیان لە دەست دەدەن و شوێنکیان دەسووتێ و لەکار دەکەوێ و پێویستیان بە دەرمان و چارەسەر و سەرپەرشتیکردن هەیە، ئاواش کەسانی کەستکەوتوو پێویستیان بە دەربازبوون و هەستانەوە و ساڕێژبوون لەو زام و بریندە ڕۆحیانە هەیە..."، (لا ١٠٤).
وەک هەبوار دەڵێ تا خێت نەخەیە بری ئەوانی تر ناتوانی لە بریندیان تێبگەی. وەرە خێت بهێنە شوێنی شووشە. هەبوار دەڵێ، ستایشی ناخی کەسانی تر، "ئاخاوتنی ویژدانی و ڕۆحیی ئەمەیە لەگەڵ خودی خەماندا بە خەستنە بری ئەوانیتر"، تا هەست بە ئازارەکانیان بکەین.
لە لاپەڕە ١٠٧دا دەڵێ، کاتێ زامدار ویستی بەسەر ئازارەکەیەوە نییە، ئازار لە سنووری دەسەڵاتی ئەوە، خەکوشتن بە زامدار دەبێتە هەگەیەکی دەربازبوون. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی شووشە ئەو هەگەیە هەنابژێرێت؟ شووشە خۆی وەڵام دەداتەوە، "مانای من بە ژیان، دەزینەوەی چارەسەرکە بە خەکوشتن، من بە ئەوە دەژیم." ئا لەردا وەک هەبوار دەڵێ "زامداری...دەخەکی ئەنتەلەژیانەیە بە مرەڤ و لە هەگەیەوە بوونی خۆی لە بوونی شت، لە بوونی بەگیان و بە هەست، جیا دەکاتەوە،" (لا ١٠٧).
زامداری مەترسیدارە بەو بەردەوام بێت (هەبوار، ٢٠٢٠)، دەبێتە هەی ئالوودەبوون بە کهول و ماددەیلی هەشبەر و تەنانەت خەکوشتنیش، "لەڕەوە وزەی ژیاندەستی دەگەڕێ بە وزەی مەرگدەستی،" (لا ١٠٩). ئەوانەی لە هەمانی مرەقی هەرزان خۆیان دەکوژن، هەک ئەو قسەیە دەیانگرێتەوە کە وزەی مەرگدەستی بەسەریاندا زاڵە. هەکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بە زاڵبوونی وزەی ئارەزووکان لای مرەڤ، ئارەزووە

نزمەکان مرۆڤیان کوژر کردووە.
"بەردەوامی لە هەوڵ و کۆششدا، بەسەرنترین چالاکیی مرۆییە." (ڕێبوار، ۲۰۲۰، لا ۱۲٦). دوای چەندان جار شکست، شووشە هەر بەردەوام دەبێت. شووشە لە سێ لاوە تووشی شکستی گەورە دەبێت لە ژیانیدا، هەرچەندە زۆر گەنجیشە، بەڵام ڕووبەڕووی مەحاڵ دەبێتەوە. لەدەستدانی دەموچاویی، لەدەستدانی دەباب و براکەی و فشەلهێنانی بیرکەکەی و مردنی پێنج کەس لەسەر دەستی ئەو. بەڵام ڕێبوار دەڵێ، "تێکشکان کۆتایی نییە،"(لا ۱۱۷). گەر وا بووایە دوای لەدەستدانی دەباب یان هەر شکستێکی تر، مرۆڤ بەردەوام نەدەبوو. وزەی شووشە ئەک ئەوەیە، لای ئەو کەسپ و شکست کۆتایی نین، بگرە ئەوانە بوونەتە هەوێنی هەزمکی گەورە لە ناخیدا. ڕێبوار دەڵێ، "تێکشکان لە ڕووداندا دووچاری شکمان دەکات و زامی قوول لە ڕۆحماندا دەچێنێ، بەڵام لە دووبارەبوونەوەدا، دەوەستێنێ و ئەزموونچێ و بەوابەخبوو و بوێرمان دەکات، تاکو بتوانین بەرگەی کۆتاییەکان بگرین," (لا ۱۱۷).
لەبەرئەوەی شووشە ئاشکاوانە ڕووبەڕووی زانایان و بیرمەندان و پیاوانی ئایینی دەبێتەوە، سەردەکەوێت لە قایلکردنیان بە بیرکەکەی بە کۆتاییهێنان بە خۆکوشتن. ڕێبوار دەڵێ تێکشکان دەمامکی نییە، مرۆڤی تێکشکاو واقیعییانە قسە لەسەر خۆی دەکات، ئەم بەدەمامکی و ئاشکاوییە مەرجەکی سەرکییە بۆ ڕزگاربوون لە تێکشکان. شووشە ئەو مەرجەی تیایە و باش لە دەخۆکە دێتە دەرەوە. بۆ ئەو، تێکشکان دەبێتە خاڵی دەستپێکردنەوە، وەک ڕێبوار لە لاپەڕە ۱۲۳دا دەڵێ، "تێکشکان ساتەوەختێکە لە نێوان کۆتایی و دەستپێکردنەوەدا. لەم دەخەدا واقیعییەت دەبێتە پانتاییەک بۆ ڕزگاربوون لە تێکشکان و پێویستە مرۆڤی خاوەن ویست بە هووت و قوتی و بەدەمامک ڕزگاریی خۆی لە واقیعییەتی تێکشکانەکە بستێنێتەوە، تا بیکاتە واقیعێک بۆ ئازادبوونی."

بوێری

"بکەری بیرکەرەوە لە زمانی کوردی نەرینییە"، بۆیە زەرینەی مانای وشەکان ئەرکیان لە خزمەتی نەردایە، ئەمەش توانای مەینەتسنووردار دەکات، (ڕێبوار، ۲۰۲۰، لا ۱۳۹). هەروەها دەڵێت بوێری لکێنراوە بە ئازایەتی، پاڵەوانێتی، لە داستان و ئەفسانەکانیشدا هەر جەستەیی و لە ماسولکەدا کورت دەکرێتەوە، بۆیە بوێری دەبێتە سیفەتی قارەمانانەی نەرینە. ڕەمانی مرۆڤی هەرزان هەوڵەکە بۆ تێکشکاندنی ئەو نەرسالارییە، هەوڵەکە بۆ سڵماندنی ئەوەی بوێری سیفەتێکی جەستەیی و نەرینەیی نییە. ڕێبوار دەڵێ، "بوێری نە ئازایەتی

شۆکڕانەیە، نە پەلامارمردانی ئۆژدیهایە و نە خەفەدانە خواردوەیە لە دواییین نهەمی باخانە ئاسمانبەکان، چونکە بوونی ساتوەختکە هەشمەندی و گەمژەیی لە یەکتر جیا دەکاتەوە،" (لا ١٤٠). بوونی و ئازایەتی واتە بەکاربردنی هەش و ژیریی خەمان. بەم پێیە شووشە ئوپێی بوونی تەدایە، ئەمەش هەموو هزرە دەگما و ئیفلیجکانی نەرسالاری بڕانبەر بە ئافرەتان پووچ دەکاتەوە.
بوونی لای بانک لە بەمانەکە واتە پارەکەکردنەوە، سەرمایە، وەک بەبوار لە لاپەڕە ١٥٣دا دەڵێ لای مرۆڤی مەدەرن بوونی ئوویە مەسرەف زۆر بکات، هەپەی تەرکردنی غەریزەکانی هەبە، ئیغرابوونی ماددیانە و تۆندوتیژی هەبە. هەموو دنیا لە ئاست بانک بە دەنگە چونکە ئەو جومگە سەرەکییەکانی پارەی داگیر کردووە و هەر کەس و شتێکی بوە دەیکەێت. ئالەرەدا تەوانینی بەبوار دەتەوە پەشمان کە دەڵێ، " لای مرۆڤی مەدەرن بوونی دەبەتە قوربانیی بەرژەوەندی، (لا ١٥٣).

ئەنجام
تەوانینە فەلسەفییەکانی بەبوار لە کتێبی ستایشکاندا خەمانەن. کوردین. دەکرێ نێک لە بەمانی مرۆڤ هەرزان، لە بەمانیلی تریش بێنە جێبەجێکردن. گرەدانی دەقێکی ئەدەبی و دەقێکی فەلسەفی بە باسێکی وەک ئەمە تەواو نابێت. دەکرێ ئەم هەوڵە ببەتە هەوێنی چەندان کاری تری لەم جۆرە. لەم دیالۆگ و نووسین و خوێندنەوانە، دەکرێ، تیەر دروست بن، تیەری فەلسەفی و ئەدەبیی خەمالی. ئەوانەی لە بواری بەخنەی ئەدەبی کار دەکەن، دەکرێ، سوود لەم هەوڵە وەرگرن. کارەکە بتەنە بە من ناکرێت، بەڵێ هیوادارم، بەخنەدەزانی تریش لە بازنەی بەخنەی سەرەتایی و بەخنەی ناەخنە بێنە دەرەوە و هەنگاوی نوە باوێن.

سەرچاوەکان
گەران سەباح (٢٠٢١). مرۆڤی هەرزان. وەشانی نووسیار: کەپنهانگن.
بەبوار سیوەیلی (٢٠٢٠). کتێبی ستایشکان، چاپی دووەم. خانەی زەریاب: هەولێر.

کورد و بەقە بچوکەکەی ناو بیرکە.. ئامادەکرن و وەرگێرانی: ڤەوەند سەباح ئەحمەد

هەنگە زربەتان ئاشنابن بە چیرکی بەقە بچوکەکەی ناو بیرکە, ئەوەی من لێرە مبەستمە وەکچونک لە نەوان تاکی کورد و بەقە بچوکەکەی ناو بیرکە بکەم. بە لای من هەندک جار تاکی کورد لە گۆشەنیگایەکی زۆر داخراو و بچوک خوەندنەوە و تەوانی خۆی بە ئاریشە و جموجۆڵ هەنوکەییەکان دەردەبڕێت, هەر بۆیە ویستم خوەندنەوەیەکی سادە بە کورتیلە چیرکی بەقە بچوکەکە بکەم و, دووبارە بە چیرکی ئەم بەقە داماوە ئاشناتان بکەموە.
تە وەرە بیرکەرەوە, ژیان لە بنی بنەوەی بیرکی قوە ببیتە سەر. زۆر دەمکە وەکو بەقە بچوکەکە ئاودەی دونیای تەنگبەری خەمان بوین, وادەزانین هەرخەمانین, هیچ کەسک شریکی دونیا و خوون و خیالی ئەمە نییە, ئیتر خەمان بە پاڵەوانی ژین و ژیاری ئەو مەنجەڵە تەسکە دەزانین.
دەگەنەوە دەڵێن بەقەک هەبوو لە نەو بیرکی قوی تاریک دەژیا, دیوارەکانی بیرکە بە قەوزەی تەڵ و شەدار تەنرابون. هەرکاتک بەقەکە تینو دەبوو, نەختک لە ئاوی بیرکەی دەخواردەوە, کاتکیش برسی دەبوو, پشکە و مشولەی بیرکەی دەخوارد. بەقی داماو هەرکاتک ماندوو دەبوو لەسەر بەردکی بچووکی بنی بیرکە پاڵدەکەوت و پشوی دەدا و سەیری ئاسمانی سەرەوەی خۆی دەکرد. هەندک جار هەورە گەڵەکەکانی دەدیت, بەم گوزەرانەی زۆر دڵخۆش و دڵشاد بوو. بەقی بەقان هەر لە منداڵییەوە لەو بیرە دەژیا, هەرگیز ئاشنای جیهانی دەرەوە نەبوو, هەرکاتک باڵندە و تێر و تواڵە بەوەدا تەدەپڕین و لە ڕەخ بیرکە لایان دەدا و وچانیان دەدا, بەقی بچوک لاف و گەزافی لەدەدا و دەیگوت, " ئەوە چەنن, ئەری بە نایەنە خوارەوە یارم لەگەڵ بکەن, ئەرە زۆر دڵگیر و خۆش, سەیرکەن ئاوەکی سازگاری لێیە و مشولەیەکی بە شوماری لێیە, وەرنە خوارەوە, شەوانە سەیری بریسکایی ئەستێرکان دەکەم, هەندک جار تریفەی مانگی درەوشاوەش دەبینم."
جارجارە چەلەکە و پاساریەکان دەیانگوت, " بەقی بچوک, دەزانی,

جیهانی دڕاوە زۆر گەورەتر و جوانترە, زۆر خۆشترە لە جیهانی بنی ئاو بیرە". کەچی باقی بچوک باوکی بە قسانە نەبوو, دەیگوت," دڕم لێگە مەکەن, باوکناکەم هیچ شوێنێک لەرە خۆشتر و باشتر هەبێت."
هەندێ تاوای لەهات هەموو چۆلەکە و باڵندەکان قیان لێدەبوو و قسەیان لێگە نەدەکرد چونکە بە خۆپەرست دایان دەنا.
باقی بچەکۆلە لەمە نەدەگەیشت بۆچی کەس نایەتە خواروە و ئاو دیمە جوانانەی ئێمە ببینێ.
هەڵکیان چۆلەکەیەکی هەنگ زەرد لە هەخی بیرەکە هاوستا بوو, باقی بچوک بەگەرمی سەاوی لێکرد, بانگهشتی کرد, پێی گوت, " چۆلەکەی هەنگ زەرد, تکایە وەرە خوارەوە, بزانێ چەند جوانە ماڵەکەم."
چۆلەکە بە ئاوەی وەڵام داتەوە, لەشۆقی باڵی دا و هەیشت, هەڵی دواتر چۆلەکەکە هاتەوە و هەمان شت هەوویدا, ئەم جرت و فرتە تا شەش هەڵز درێژەی کەشا, هەڵی حەوتەم, لە کۆتایی دا چۆلەکەی هەنگ زەرد گوتی, " باقی بچوک دەکرێت جیهانی دەرەوەت نیشان بدەم؟" کەچی باقە بچوکەکە ئەمەی هەت کردەوە, تاوای لەهات چۆلەکە زۆر باقی هەستا و توڕە بوو, فەیەە خواروەی بیرەکە, باقەکەی بەند کرد و لەسەر پشتی خۆی دانا, لە بیرەکە چوەدەرەوە.
لەدەرەوە, باقەکە ئاوەندە سەرسام بوو, لەبەرخۆیەوە دەیگوت ئەی خودایە جیهانی دەرەوە چەند گەورەیە. لەبەر ئاوەی ماوەیەکی زۆر بوو زیانی لەبنی ئاو بیرە تاریکە بەسەر دەبرد, لەبەر تیشکی خۆر چاوکانی پرتەپرتیان دەکرد و هەنەدەهاتن. دواتر هەرچەنەک بەت چاوکانی کردەوە, زۆر شتی جوان و سەرنجڕاکێشی بینی, لە شاخە بەرزەکان دەترسا, دەیپرسی ئاو شتە سەوز و بەرز و نزمانە چین, چۆلەکەکەش پێی پەدەکەنی و دەیگوت ئاوانە شاخ و دەەن, ژمارەیان نەبەاوەیە, لەوانە هیمالایە و چیاکانی ئەپی سویسرا و زنجیرە چیاکانی هەکیس و ...هتد
باقی بچوک باوکی نەدەکر بە هەژەیە زۆرە چیای بەرز و زەبەلاح لە جیهان دا هەبن. هەرکاتەک بەسەر چیایەکان هەت دەبوون, دەیپرسی ئاو دیمانە درێژ و بریقەدار و زیوییە چی بەت, چۆلەکەکە وەاەمی دەدایەوە و دەیگوت ئاوە هووبارە, دواتر باقەکە پرسی ئاو شتە شین و قەبەیە چی بەت, چۆلەکەی گوتی ئاوە دەریایە. باقەکە دەیپرسی ئاو دەریا و هووبارانە چەند ئاویان تەدایە, ئەی چەند لە بیرەکەی من زلترن, حەتمەن لە ادەبەدەر ئاویان زیاتر تەدایە, باقی بچوک درکی بە گچکەیی بیرەکەی کرد, وتی باشە با بچینە خوارەوە, چۆلەکەی هەنگ زەرد باقەکەی لەسەر گژوگیا داگرت و بە خۆشی هەفەی و هەیشت.
باقی بچوک لە خۆشیان وەک نەدی و بدی لەنەو مەرگە سەوزەکان پاز

پازانەی دەکرد, گوێی لێنگاو لێنگ و بانی بەرامی درەخت و گوڵەکان تەواو مەست و حەیرانی کردبووو, بەوچان دەڕۆیشت, لە نێو دارستانەکان دارودرەختی قەبارە گەورەی لە بوو, میوەی هەمەچەشن ئێرە و ئەوێیان پێکردبوو سەوەکی هەڵگرتبوو, لە شیرینی تامەکەی خۆیان بردیبوو, گۆچکەکانی پێ بوون لە نەغمە و ئاوازی بولبولەکان, جولەی سمێرە کلک فشکان و هەڵبەز و دابەزی مەیمونەکان لەم چۆ بە ئەو چۆ چاوکانی نغرەی بە دڵنگی کرد بوو, هەتا چاو حوکمی دەکرد, خەرای ئاسکە کوێیەکانی دەدیت. لە مێنگاوەکان گوڵ و گۆڵەی شلێر و نیلوفەری ئاوی وەک چەتر سەمایان دەکرد.

بەڵێ جیهانی دڕاوە زۆر گەورە و قەبەیە, بەڵکە پێ بەدەمی خۆی هاواری کرد و خۆی خستە ناو زەنگاوەکە, لانیکی لەسەر شلێرەکی گەورە بنیاتنا. ئەژدیکیان چەڵەکەی لێنگ زەرد هاتوە لای پرسی, " جیهانی دڕاوە چۆنە؟ گەورەیە؟ جوانە؟" باقی بچوک سوپاسی بە پایانی کرد و گوتی," ئاگەر منت نەهێنابا ئێرە, هەرگیز نەمدەزانی جیهانی دڕاوەی بیرە ئاوەکە هێندە جوان و خۆشە." باقی بچوک هەرگیز هاوڕێی نەدا بگەڕێتەوە هەوارە کۆنەکەی جارانی.

ئەمەی کوردیش, گیردەی ژوورەکی و داخراو و قوڵغەیەکی دوورە دەست و بەندکراو و نەناسراوین. وەرە با پێکەوە ڕوانینی خەمان لەدڕاوە بوونین, ئێرە هەموشتێک نییە, ئێرە زۆر بچوکە با چیتر تووڕەیی و ناکۆکییەکانمان تەدا خاونکەینەوە. ئەمە لەو ژوورە بچوکە سەرە لێیکتر دەگرین, لامان وایە گەر ببین بە پاڕاوانی ئەو وارە, ئیتر هەموو جیهان دەماننناسی, نەخێر ئێرە هەڵکەیەکی بچوکە, دەبێت قاوغ و قەپڵکی بشکێنین, سەیرکی دڕاوە بکەین, ئینجا قسەیێک لەسەر خەمان بکەین.

ئەوە ئەمەین هەموو دونیا لێرە دەبینین, هەربەیش لەوە ناگەین بەکەس نایەت مەرحەبایەکمان بکات, ئەمە نابێت چاوەڕوانی ئەو باێندەبین, لەسەر پشتی خەمان دابنێ و بە جیهان تڕاتێنما بکا, دەبێت پلیکانەکان یەکە بە یەکە دروست بکەینەوە و ئاوەک لە هەراوهەسەی دڕاوە بدەینەوە. بەڵێ دەبێت ئەمە چاوکانمان بکەینەوە و هەموو جوانی و خۆشی و ناخۆشییەکان ببینین, تا ئەوەی لەدڕاوەیە نەیبینین, نازانین لە قوڵاییەکی نادیار و تاریک و بە هەست و خوست چۆن جیهانمان دەدیت.

ناسینی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی ئۆنفال، بۆچی گرنگە؟.. ئاسۆ کمال

لای خۆکی کوردستان باکگراوندی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی ئۆنفال هۆشتا نۆناسنراوە و کاری فکری و سیاسی لە دژ نۆکراوە و زیاتر ئۆنفال وەک کیمیایی باران و کارساتکانی تری سیاستی بۆعس دەبینرێ.
هۆلۆکۆست وەک ئایدیۆلۆژیای دژی سامی بونی نازیزم و بۆم پێیش وەک ئایدیۆلۆژیای دژی ئینسانی ناسراوە، بۆیە بۆم شێوەیە ئایدیۆلۆژی ئۆنفالی ئیسلامی لای خۆکی جیهان پێناسە نۆکراوە. ئەمش دەوری هەیە لەوەی کە کارساتی ئۆنفال وەک هۆلۆکۆست نۆکراوەتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی و هیچ زەمانەتک بە دووبارە نۆبونەوەی لە ئارادا نیە.
سەدام لەشکری ٨ سالی لەگەڵ کەماری ئیسلامی ئێران پێویستی بوو بوو کە خۆی وەک نوێنەری ناسیونالیزمی عەرەبی نیشان بدا و عێراق بکاتە دەرگای پاڕەساتی نیشتمانی عەرەبی کە بەر بە خەتەری هاتنەناوەوەی پان ئیسلامی ئێران بگرێ. لەم پێناوەدا جەنگکەی وەک ئیسلام و فارس نیشاندەدا و بەتایبەت لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە حەملەیەکی ئیمانی دەستپێکرد کە سەرتاپای دامودەزگاکانی دەوڵەت و سیمای شاری گرتەوە . ناسیونالیزمی عەرەبی و سونی چ لەعێراق و چ لە ووڵاتانی عەرەبیدا هەنایە پشت سەری خۆی و وەک نوینەری "ئومەی" عەرەبی و ئیسلامی دژ بەئێران خۆی نواند. هەرشی ئۆنفالیش وەک بەشک لەم شاری بەناوی دینەوە ئەنجامی دا .
ئۆنفال کە سوورەتی هەشتەمی قورئانە لە دوای جەنگی بەدر بەاو بوونەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی دابەشکردنی ئەو غەنیمە و دەسکەوتانەی لە شاری کافرکان دەکەوتە دەستی موسڵمانکان وەک سامان و چەک و مەڕو ماڵات گونجاو بوو ببێتە هاوشێوەی ئەو شاری بەعس دژ بەخۆکی کورد کردی. بۆڵکدانەوەی بەعس لە عەمەلیاتی ئۆنفال کورد بە کافر و لادەر لە قەڵەم دراو سەرو ماڵی حەڵاڵ کرا. هەرچەند بە بەعس ئۆنفالکردنی کورد پێویستی بە تەبریری دینی نەبوو بەڵام وەک بەشێ لە سەرجەم جەوی دینی شاری بەعس بە

کۆمەڵکوژیەکی لەم چەشنە ئەم ناوە لێگیراوە ئەو کارانەدا دەهاتووە کە ئەم سورەتە باسی دەکا وەک لە بڕگەکانی ٦و٧و٤١و٦٩وەئیوانی تردا ئاوا باسی دەکا

"6 • يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ • 7وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللَّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللَّهُ أَن يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ • 41وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللَّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ • 69 فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلالاً طَيِّبًا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ".

ئەنفال بەرهەمی تیوری چەنیەتی سەرکوتی خەڵکی کورد و کۆمەڵکوژی بوو کە بەعس وەک بەشیك لەسیاسەتی ناسیونالیزمی عەرەبی پیادەی کردوە و هەویەی قەومی عەرەبی بەسەر عەراقدا فەرزدەکرد و ستەمی قەومی لەسەر خەڵکی کوردستان و هەشتنەوەیانی وەک هاوەاتی پلەدوو و ژێردەستە پەویست بوو. ئەم ناسیونالیزمە عەرەبیەی بەعس هەمیشە ئیسلام کەیەکی فکری و مەعنەوی بوە و دوانەی دەسەاتدارەتی چینە باکان بوون لە عەراق و جیهانی عەرەبیدا. سوود وەرگرتن لە بنەماکانی ئیسلام بە حوکم کردن و شە و کۆمەڵکوژیەکان داهنانی بەعس نەبوە و لە عەراقدا ئەم وەسیلەیەکی مەژوویی حوکم کردن و بەپیرەزدانانی سەرکوت و شە یەک لەدوای یەکەکانی خەلافەت و ئیمپراتەریەتی ئەموی و عەباسی و عوسمانیەکان و هەر دەسەاتدارەک بوە. گەانوەی بەعس بە ئەنفال بەشەک لەو باکگراوندە دینییە کە سیاسەتی دەسەاتدارانی عەراق لەمەژوودا بە پیرەزکردنی شەکانیان بەردەوام بەکاریان هناوە و خەڵکی کورد هەمیشە یەکیک لە قوربانیەکانی ئەم دەسەاتدارە ئیسلامیانە بوە.

ناساندنی ئەنفال وەک بەشەک لە ئایدیەلەژیای ئیسلامی یگە لە دووبارەبونەوەی ئەم مەژووانەی ئەنفال دگرە و داهاتوی خەڵکی کوردستان و ناوچەکە دەپارەز.

ئاسکمال

ڕەوتی ئیسلامی و تەندروستی – دریژەی گفتوگۆ.. و.مەحمود عەبدوڵا

پیاوانی دینی شوێنکەوتەکانیان دەخەنە وەهمی ئەوەی کە ڕەوتی ئیسلامی ،هەمان ڕەوتە"خۆبرسیکردن"ی تەندروستییە ،کە لەکەینەوە زانستیەکان پێشنیاری دەکەن،وە ئەوە دڵشارنەوە لەشوێنکەوتەکانیان کە ڕەوتی ئیسلامی پێوەندی هەیە بە خراپبوونی تەندروستی لەش،ژمارەیەک نەخۆشی، وەک نەخۆشیە میتابۆلیزمیەکان ،ونەخۆشیەکانی دڵ ،جگەرە، تەکچوونی گورچیلە،تەنانەت نەخۆشیەکانی گەدە لەوکەمەگایانە زیاترن کەڕەوتی ئیسلامی دەگرن، تا ئەو کەمەگایانەی کە ڕەوتی شەوازی ئیسلامی ناگرن،بەجیاوازیەکی ترسناک "جیاوازیان ئاسمان و ڕەسمانە"

مەبەست لەڕەوگرتن وەک ئەوەی دانەری قورئان ویستوێتی:

دانەری قورئان ،دەستوری ڕەوو گرتنی دانا، وەک نەریتەکی کەهنوتی بە کەم وزیاد، دوای هەڵاتنی لەمەککەوە بەمەدینە و دوای ئەوەی لەجەنگی یەهودیەکان و سەلمانی فارسی بەڕەوگرتن ئاشنابو. زەردەشتیەکان مانگەک بەڕەوبون،وەک نەریتەکی جادویی ،بەنام پێوەندی بەتەندروستییەوەنەبوو،هەندەی پێوەندی بە شکڵی بیرکردنەوەبو هەندە پێوەندی بەخەڵادان لەخواردن و خواردنەوە نەبوو. وە لەماوەی پازدەسال پێشتر"پێش کەچ"خودا نایدەزانی کە ڕەوو بەتەندروستی باشە و دەبێتە هەی هەستکردن بە دەخی هەژاران،تا ئەوکاتەی محمد لە یەهودیەکانەوە فێربوو و ئەوجا زانی کە ڕەوو واجبە و بەتەندروستی باشەو دەبێتە هەی هەستکردن بە هەژاران!!! لەناکاو گەیشتە ئەو حەقیقەتە!!!" هەموو ئەو سورەتانەی باسی ڕەوویان تێدا مەدەنین!"
سوڕەتەکانی "مائدە، بقرە، نساء، توبە، مجادلە"

محمد کەسێتیتکی سایکۆس بووە

کەسی سایکۆس کاریگەردەبێت بە ژینگە ،وە هەندە بیرکە دزە دەکەنە

سەریەوە ،لاشعوری وەریان دەگرێت.لەکاتێکی هەلوەسەو سەرلێشێواوی و بینینی دیمەنەکانی دەوروبەر ،کاتێک محمد هاتە مەدینە و چاوی بەسەلمانی فارس و جوەکان کەوت، بیرکەی ئیژووگرتن هاتە سەریەوە.
حیکمەتێی تەندروستی ئیژوو لەمانگێکی دیاریکراودا چییە؟ وە حکمەتەکەی چ پەیوەندی بە بینینی مانگەوە هەیە؟وەبۆچی دەبێت مانگ بۆچاو ببیندرێت؟
بینینی مانگ و بۆئیژوو بوون بۆی،بینینی مانگ و پارشوکردن ،ئەوەمان بۆدەردەخات کە دانەری دەستوری قورئان کەسێکی سایکۆس داینامۆ. چاودێریکردنی مانگ پەیوەندی بە نەریتی مانگپەرستییەوە هەیە.وە کاهینەکانی ئیسلام لەسەر ئەو جۆرە پەرستنە ماونەوە بەشێوەیەکی ئەمزی،لە بابەتی ئیژودا،وەک دەبینین سەرەتاو کۆتایی ئەمزان بە بینینی مانگ دیاری دەکرێت.
ئەو بابەتە، هیچ پەیوەندی بەزانستەوەنیە، وەبەهیچ شتێکەوە،جگەلە مانەوەی کاریگەری وەسەنی"وثنیە"لەسەر عەقڵی شاراوە-نەست-ی دانەری قورئان.کە درکی بە هەندکان نەکردووە بەهۆی ئەوەی کە شەخسیەتێکی زەهانی"ذهان-ی بووە. لەگەڵ یاساو دەستورەکانی مەسیحی ویەهودی و وەسەنی"الوثنیە" و "الحنفیە" تێکەڵی کردون، بە گوێرەی ئەوەی پەششتر بیستویەتی لە بحیری و وورقە و خەدیجە.بەیە ئەم بابەتە هیچ حیکمەتێکی لەژیکی و ئەقڵانی تێدانیە.
هیچ حیکمەتێکی ئەقڵانی نابیندرێ،لەئیژوی ئیسلامیدا.وە سودی تەندروستی نیە،بەڵکو زیانێکی زۆری هەیە..ئاونەخواردنەوەبەماوەیەکی زۆر زیانی زۆری هەیە و یارمەتی بەردی گورچیلەدەدات،ئەگەر ئامارێک وەربگری لەو وڵاتانەی ئیژودەگرن ،لەگەڵ وڵاتانی تر،بەنمونە سعودیەو ئێران لەگەڵ ژاپۆن و ئایسلەند جیاوازیەکەت بەڕونی بۆدەردەکەوێت… وە بەگشتی پێسەی دیاریکردنی سەرەتای دەورەی مانگ بە شێوازێ ئیسلامیەکە هەیە،وە ئێستەمە متابق بێت لەگەڵ دەرکەوتنی مانگی نوێ.

سەرچاوە:(Quran debate)

و.مەحمود عەبدوڵا

ئەسپی ڕاسپاردە زینی خۆشکرد.. سەباح هەنجەر

کوڕە نۆبەرەکەم شیعر
ئەگەر شەر بمخوا
ووناکی دەمارم لەناوچەوانی لێدەدا
ناسینەوەی مەرد ئاسانە
ئەگەریش چەقەڵی دڵاوی خودی خۆی بمخوات
ووناکی دەمارم لەناوچەوانی خاودەبێتەوە
چاو مەسووڕێنە
هەزار و یەك سووڕی ژیان لە سادەیی دوانت دەخەڵێن و دەردەکەون
هەوێنی دڵ بگرەوە و جریوە و جووکەی دڵ هەڵمژە
گەڵەکە جوانەکان داوات لێدەکەن بچیتە ناویان و چەتریان هەڵدەی
نالی و
گۆران و
ئەنوەر قادر محەمەد بکوژە
لێکەت نەخستووەتە گەرووی هیچ گۆرانیبێژێکەوە
شاعیری پاشخاپەرۆك و قۆپیەچی و نانی نانیش
لە کاتی کێنووشدا وشەکانی ماڵی کران و چەپۆك لەسەریان درا
***
گەرمایی کەدەی هەشوو پێدەگەیەنێ
ئاواز لە چاوانی ون نییە
گای عول و حەپەلیش لەجێی کەڵەباب ناخوێنێ
16/3/2021 هەولێر

فیلمی "نانی پیرێز"ی ڕەحیم زەبیحی لە فێستیڤاڵی فیلمی

"بیگ ئسکای" ئەمریکا نمایشکرا

مەنسوور جیهانی ـ فیلمی دیکەمێنتی "نانی پیرۆز" لە دەرهێنانی خوالێخۆشبوو "ڕەحیم زەبیحی"، لە بەرهەمهێنانی "تووڕج ئەسپانی" و بەرهەمی کەمپانیای سینەمایی "ماد موڤی" لە بەشی پشبڕکێی سی و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بیگ ئسکای"ی ئەمریکا نمایشکرا.

فیلمی دیکەمێنتی "نانی پیرۆز" (نان مقدس) Holy Bread دواین بەرهەمی سینەماکاری کۆچکردووی کورد "ڕەحیم زەبیحی"، لە بەرهەمهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد "تووڕج ئەسپانی" دەرهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگرتنی ئەزموونخوازیی سینەمای کوردستان و ئێران و بەرهەمی کەمپانیای سینەمایی "ماد موڤی" MAD Movie؛ لە دووهەمین بەشداری نێودەوڵەتی خۆیدا لە بەشی پشبڕکێی "فیلمە نیوە بینەرکان" لە هەژدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دیکەمێنتاری "بیگ ئسکای" Big Sky لە وڵاتی ئەمریکا بە ناونیشانی یەکەک لە هەوداوە گرینگەکانی سینەمای بەڕگەفیلمی جیهان نمایشکرا و ناویی ئەم فیلمە کوردییە لە نێوان 10 فیلمی کاندیدی کۆتایی ئەم فێستیڤاڵەدا بوو کە جێگای متمانەی ئاکادیمیای ئەسکارە.

بەاوکردنەوەی نێودەوڵەتی ئەم بەرهەمە دیکەمێنتارییە، لە ئەستۆی کەمپانیای "تسویر گستر الهە پارسی" (ئێلی ئیمەیج) Eli Image بە بەرپرسیارییەتی خاتوو "ئیلاهە نەوبەخت"ـە.

هەژدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دیکەمێنتاری "بیگ ئسکای" بە نمایشی 27 فیلمی بەندی دیکەمێنتاری و 50 کورتە فیلمی دیکەمێنتاری لە دەرهێنەرانی وڵاتانی جیاوجێری جیهان بە هەی بەاوبوونەوەی پەیتای ڤایرەسی کۆڕۆنا بە شێوەی ئۆنلاین لە شاری میسولا لە ویلایەتی مونتانا لە وڵاتی ئەمریکا بەڕێوەچوو. ئەمسا لە لایەن دەرهێنەرانی فیلمی دیکەمێنتاریی 86 وڵاتی جیهان، 1800 بەرهەم بە نووسینگەری ئەم هەوداوە سینەماییە هەوانە کرابوو.

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دیکەمێنتاری "بیگ ئسکای" لە هەوداوە گرینگەکانی سینەمای بەڕگەفیلمی جیهان و جێگای متمانەی ئاکادیمیای ئەسکار دەتەئەژمار و فیلمە براوەکانی ئەم هەوداوە هونەرییە؛ ئەو

دەرفەتیان بە دەستخست کە بتوانن لە بەشکانی دیکەمێنتاری ئەسکار لە ساڵی داهاتوو بەشداریی بکەن.

"نانی پیرەز" لە یەکەمین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا، لە بەشی پشبڕکێی "فیلمە نیوە بینەرکان" Mid-Length لە سی و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ئەمستەردام – "ئیدفا" IDFA لە وڵاتی هۆڵەندا نمایشکرا.

فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ئەمستەردام – "ئیدفا"، گرینگترین فیستیڤاڵی دۆکەمێنتاریی جیهان دەتەئەژمار، کە ئەمساڵ بە دوو شێوەی ئۆنلاین و فیزیکی و بە نمایشی بەرهەمە دیکەمێنتیێکانی دەرهێنەرانی وڵاتانی جەراوجێری جیهان، لە چەندین بەشی پشبڕکێی و دەرەوەی پشبڕکێی، لەوانە؛ بەشی پشبڕکێی سەرەکی "فیلمە بینەرکان"، بەشی پشبڕکێی "فیلمە نیوە بینەرکان"، بەشی پشبڕکێی "دیکەمێنتە خوێندکارییەکان"، بەشی پشبڕکێی "منداڵان و دیکەمێنت"، بەشی دەرەوەی پشبڕکێی Luminous، بەشی دەرەوەی پشبڕکێی Frontlight و … لە ١٦ی نۆڤەمبەر تاکوو 6ی دیسەمبەری 2020 لە شاری ئەمستەردام لە وڵاتی هۆڵەندا بەڕێوچوو.

قەسیدەی دەستنووسێکی کۆنی عەشق.. ستیڤان شەمزینی

لە دەستنووسێکی کۆنی عەشقدا
چەند سروود و
غەزەلێکی ئاوینێکی پێ جەشم دەزیینەوە
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی پادشای خەمبارم
قولابی عەشقت چەقیوە لە دەم
ئاوازی کپ و بێدەنگت
هاتەتە ناو هاوار و ناڵەناڵەوە
مەتەڵکانی دەمت
هەمووی هەڵهێنا و شی کردەوە

جەرگی تاریکی
شەو ئەنگوستەچاوەکانمت شەق کردووە
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی ئیمپراتەری ئەسرین
خوێنی گەرمت لە منا دێت و دەچێ
لە دووریی دوورەو و تا چاو بە ئەکا
شەبەنگی باباتم لە دیارە
زریانێک لە فرمێسک و خەندە
لە پەنووسەکەتەوە هەڵیکردووە
پیت بە پیت
چیرۆکی ژانە خەسڵکانت ئەنووسیتەوە
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی گەیدەی ناکام
تە بوویت منت لەناو ئازارەکانتا ناسییەوە
وێنەی منت خستە
نەو تۆی ئەلبوومی چامە نەمرەکانتەوە
بە بەرچاوی دڕەوە
ژانی هەقیقەتێکی تاڵ تەی کوشت
لە پەنا گەڵەی منەوە
لە سارای فیراقدا تەرمی تەشیان ناشت
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی تاقانە یارەکەم
تە بوویت مزگێنی رووناکیت ئەدا بەشەو
مەڵەکی پەڕاگەندەی گەرمەسەر بووی
بەرەو کۆستانی من هاتی
لە زەماوەندی مردندا
سەرچەپیکەشی ژیان بوویت
لە دووڕەوە ئەهریمەنی مەرگ
نیشانەی لە گرتییەوە
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی شازادەی دەداری
تە بوویت ئاگری شادیت بە کردمەوە
پەشتر ئەمبینیت
گوواڵە سوورەی باخچەی فیردەوس بوویت
بە یەک چرکە و لە ناکاو
بوویتە دارئەرخەوانی سەر گەڵستان و
وەک دارگوڵزە

دەستیانکرد بە رنینەوەی پرچی پەکەنینەکانت
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی پاسەوانی جوانی
تۆ بوویت شمشاڵی غەریبیت بە ئێژەنیم
لە دوورەوە ئەمبینیت
جوانترین سەراب و ناوازەترین خەیاڵ بووی
لە تێنیشتمەوە بووی
ئەو ساتانەی پێپوڵەی خەزگەم هەڵدەفڕین
لە تێنیشتەوە بووم
لەو کاتەی هەردووکمان بووینە بیرەوەریی
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی میری ئاشقان
تۆ بوویت جگەڵەی پەکەنینت رژاوەتە گوڵم
لە نزیکت بووم
ئەو دەمەی کارەزی شیعرت بە رووما تاقی
لە دوورەوە بە نیگایەکت
وەک مەشخەڵی گە داتدەگیرسانم
بە هەزی وشەکانت
دەریای مردووی دەمت ئەخستە شێڵدان
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی میهرەبانترین پیاو
ئەوە تۆ بوویت ژنەتی منت ژیاندەوە
ئەسپی دەی تەی خەت
لە عەشقی مندا سەرمەدانە زین کرد
چەند سەرسامت ئەکردم
وەختە بە بەدەنگی ئەتدواندم
لە فنجانی خەیاڵەکی سپییەوە
بەختی ڕەشی منت ئەخوەندەوە
لەو دەستنووسەدا،ـ بینیم نووسیبووت
ئەی سوارچاکەکەم
ئەوە تۆ بوویت ئەشکەوتی بیرت ڕەشن کردمەوە
وەک پیری ئاتەشگا
ئاگری عەشقت لەسەر ڕەحم کردەوە
لە ئاسمانی تەدا
تەنە شوەنی فەینی مەڵە ئەویندارەکان دەبووەوە
ئیدی چەن جەستەت
لە گەڵەی تەنگدا ئەسرەوە و جەی دەبەتەوە؟

لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی تاقانەترین ئاشق
ئەوە تۆ بوویت گەمە مەحاڵەکانت ئەکرد
لەسەر هەسارەی نازەکی زەوی
تەوی ئەوینت ئەچاند
رووی گوناهەکانت
بە ئاوی پیرەزی عەشق دەشووشتەوە
مرۆڤت رائەهێنا، لە بری خوێن
مەی دەداریی بخەنەوە
لەو دەستنووسەدا، بینیم نووسیبووت
ئەی جوانترین مەخلوق
ئەوە تۆ بوویت رەنگەکانت پێ ناساندم
رەنگی عەشق و
رەنگی خۆشەویستی و رەنگی جوانی
هەرچەند بینایم تار بووە و
نازانم رەنگی تۆ لە کوێ بدەزمەوە؟
لە کابووسی ژیندا، جێت نەبووەوە
باهەزی مەرگ بردیتییەوە